## گشتاندن ژمارە ( ٢ )

## بۆ/ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نە بەستراو بە وەزارەت

## ب / روونکردنەوە

بە مەبەستی چۆنیەتی خەرج کردن بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان لە وەزارەت و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠١٨/ لە ٢٠١٤/٢/١١ و نووسراوی وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ ژمارە ٢٢٣٦٣/ لە ٢٠١٥/١٢/٩ و ئاماژە بە گشتاندنمان ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٥/ و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێ ی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢٥/ بە نووسراویان ژمارە ٦٢٦٤/ لە ٢٠١٤/١٠/١٢ ، بڕیاردرا بە جێ بەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لە چوار چێوەی ١/١٢ خەرجییەکانی (فیعلی) ساڵی ٢٠١٥/ تاکو پەسەندکردنی بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٦/ :-

١- خەرج کردنی پێشینەی بەردەوام (نثرية) ی مانگانەی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بە ڕێژەی (٣٠%) لە پێشینەی بەردەوامی مانگانەیان دوای نوێکردنەوەی پێشینە بەردەوامەکانیان لە لایەن وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان ، جگە لەم وەزارەت و فەرمانگانەی خوارەوە کە بەم شێوەیە دەبێت :-

أ- خەرج کردنی ڕێژەی (٤٠%) لە پێشینەی بەردەوام و سووتەمەنی تەنها بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستیەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانیان و نەخۆشخانەکانیان لە وەزارەتی تەندروستی .

ب- خەرج کردنی ڕێژەی (٤٠%)ی پێشینەی بەردەوام تەنها بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا و بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەش کردنی کارەبا لە وەزارەتی کارەبا .

ج- خەرج کردنی ڕێژەی (٤٠%) ی پێشینەی بەردەوام تەنها بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانەکان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن .

د- خەرج کردنی ڕێژەی (٤٠%) ی پێشینەی بەردەوام تەنها بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکان و سەرۆکایەتیەکانیان و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی شارەکان و قەزا و ناحیەکان و دەوروبەریان لە وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار .

هـ - خەرج کردنی ڕێژەی (٦٠%) ی پێشینەی بەردەوام بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی .




Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: ٢٥٦٠٠٦٨-٢٥٦٠٠٦٩-٢٥٢٨٢٥٤

٢٠١٦/١/٤ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٦٠٠٦٨ - ٢٥٦٠٠٦٩ - ٢٥٢٨٢٥٤

و- خەرجکردنی ڕێژەی (٦٠%) پێشینەی سووتەمەنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ و بەڕێوەبەرایەتیەکانیان لە وەزارەتی ناوخۆ .

٢- خەرج کردنی کرێ ی ئاو و کارەبا و تلفونی نۆرماڵ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەکان بەپێ ی پسوولەکانی ڕەسەن و تاکو بتوانرێت لە چوارچێوەی پێشینەی بەردەوامی مانگانە خەرج بکرێت .

٣- جگە لە خاڵی (١ و ٢) ی سەرەوە هەر خەرجییەکی تر کە داوا دەکرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە ڕەزامەندی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / خەرجییەکان بێت.

٤- پارەی مانگانەی پاککردنەوە و خواردنی نەخۆشخانەکان و خواردنی بەندیەکان و خاوێنکردنەوەی شار و شارۆچکەکان و فڕۆکەخانەکان و کرێ ی ئۆتۆمبێل و خانوو و باڵەخانە بە جیا لە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەکان خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە کاتی پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی /٢٠١٦ و دابەشکردنی ، تەرخانی بۆ دابنرێت لە لایەن وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٥- ڕاگرتنی دامەزراندن بە گرێبەست لە سەرجەم وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و پارێزگاکان پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٤٤١٧ لە ٢٠١٣/٥/١٣ تا پەسەندکردنی یاسای بوودجەی ساڵی /٢٠١٦ بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

**أ-** نویّ کردنەوەی گرێبەستە ئەنجام دراوەکانی ساڵی /٢٠١٥ لە سەر میلاکتان لە بوودجەی ئاسایی کاتێك کە پێویستیتان بە ڕاژەکانیان هەبوو بەم مەرجانەی خوارەوە:-

١- نابێت تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت.

٢- نویّ کردنەوەی گرێبەست بە هەمان بڕوانامە دەبێت و کار بە بڕوانامەی نویّ ناکرێت جگە لە حاڵەتی پێویستدا بە مەرجێك بڕوانامەکەی بگونجێت لەگەڵ کارەکەی کە بە گرێبەست بوی دامەزراوە.

٣- لە کاتی واز هێنان فەرمانبەری گرێبەست دەکرێت فەرمانبەرێکی تر دابنرێت لە جیّ بە مەرجێك بە هەمان بروانامە و پسپۆرییەتی و بۆ هەمان مەبەستی گرێبەستی یەکەم بێت.

٤- نوی کردنەوەی گریبەست بۆ سالی / ٢٠١٦ و لە جیّ دانان لە دەسەڵاتی وەزارەتمان بەرێوەبەرایەتی گشتی بوودجە / میلاکات دایە.

**ب-** ئەو دامەزراندنانەی کە ئەنجام دراون لە سەر داهاتی ناوخۆیی وەزارەت و فەرمانگەکانیان لە لایەن وەزیرە بەڕێزەکان ، نوێکردنەوەیان بۆ ساڵی / ٢٠١٦ لە لایەن وەزارەتمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ب . خەرجییەکان ڕەزامەندی لە سەر دەکرێت .

٦- ڕاگرتنی سەرجەم پاداشت و هاوکارییەکان جگە لە بەخشینی بەردەستی وەزیرە بەڕێزەکان کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٥٧٤٣ لە ٢٠١٤/٩/١١ و بە نووسراومان ژمارە /٨٠٩١ لە ٢٠١٤/٩/٢٨ گشتاندنی بۆ کراوە .

٧- پارێزگای دهۆك بەدەرکراوە (استثناء) بە فەرمان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە/ ١٠١٨ لە ٢٠١٤/١/١١ بە نووسراوی هەمان سەرۆکایەتی بە ژمارە / ٥١٥٣ لە ٢٠١٤/٨/٢٠ و دواتر دیراسەتی ئەم بابەتە دەکرێت و ئاگادارتان دەکەینەوە.

٨- نابێت هیچ خەرج کردنێك لە سەر داهاتە ناوخۆییەکانی وەزارەت و فەرمانگەکانیان بکرێت کە بەپێ ی یاسا داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە ، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لەو داهاتانە بۆ دابینکردنی سیولەی نەختینەیی (نقدي) .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی لە بەرواری ٢٠١٦/١/١ ەوە ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕابەر صديق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/س- دیوان/ ف - ك – کارگێری و دارایی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی ڕاوێژکاران .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بەم وەزارەتە..بۆ گشتاندنی و کاری پێویست...لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر / (١و٢)ی سلێمانی / دهۆك / گەرمیان / سۆران/ڕاپەرین/ ئاکرێ / کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی / بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .



Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Parl
Phone: ٢٥٦٠٠٦٨-٢٥٦٠٠٦٩-٢٥٢٨٢٥٤
٢٠١٦/١/٤ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com
هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن: ٢٥٢٨٢٥٤ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٦٠٠٦٨